# کۆمەڵەی کوردی لەئۆتاوا کۆڕێك بۆ نوری بەشیر، بەنوێنەرایەتی ڕێکخراوی دەرەوەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق، سەبارەت بەڕێگاچارە جیابوونەوەی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆیە سازدەدات !



ڕۆژی 2007/4/15 کۆمەڵەی کوردی لەئۆتاوای کەنەدا میوانداری نوری بەشیر، بەنوینەرایەتی ریکخراوی دەرەوەی حیزب دەکات بۆ کۆڕێك سەبارەت بە ڕێگاچارە جیابوونەوەی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆیە، ئەم کۆڕە بەدوای زنجیرەك کۆڕدا دێت لەسەر هەمان باس لەشارەکانی تۆرنتۆو هاملتۆندا لەلایەن هاوریان ( عادل ئەحمەد و نوری بەشیر ) ەوە. ئەم کۆڕە کە لەلایەن بەریزان ( شۆرش پالانی و ئاراس سەراج ) لەزانکۆی کارلتۆن لەئۆتاوا بەرێوە دەبرا، رونکردنەوەیەك لەسەر کۆڕەکەو بەریوەبردنی کۆڕەکە درا.

سەرەتا نوری بەشیر، دەستخۆشانەی لە کۆمەڵەی کوردی کرد بۆ سازدانی ئەم کۆڕە، وە هیوای خواست کەلەم جۆرە کۆڕو سمینارانە زۆر بێت، پاشان رونکردنەوەی لەسەر هەلومەرجی کوردستان دا، وە فاکتەرە ناوخۆیی و دەرەکیەکانی لەسەر ئاستی کوردستان و عیراق وناوچەکە رونکردەوە، کەکوردستان چ نادیاری و سەرگەردانیەك بەسەردەبات، وە خەڵك جارێکی کەبەدوای روخانی رژێمی بەعس و هاتنە سەرکاری دەولەتە یەك لەدوایەکە لەزۆرکە قەومی و ئیسلامیە عەرەبیەکان و ئیمزا دانی ئەحزابی ناسیونالیستی کوردی لەوەها دەولەت و حاکمیەت و دەستورێکی سەرتاپا کۆنەپەرستی، وەخۆ گرێدانەوە بەستراتیژی ئەمریکاوە، خەڵکی کوردستانی لەدڵەراوکێ و نائومێدی و چاوەروانی و بێئومێدی بەئەحزابی دەسەلاتداریتی کوردی و دەولەتی عیراق راگرتوە.

هەروەها نوری بەشیر، تاکیدی لەهێرشی ئەم چەند رۆژەی دوایی دەولەتی تورکیا کردەوە، کەبەدوای شکستی سیاسی و عەسکەری ستراتیژی ئەمریکاو راپۆرتی بیکەر هاملتۆندا دیت، کە ریگای بۆ دەخالەتی دەولەتانی ناوچەکە خۆشکردوە بۆ هەولدان بۆ استقراری دەولەتی عیراق، کەلەویدا تورکیا بەشوین ستراتیژێکی نویوە، کەشکلی هیرشەکە پەکەکەو کەرکوکە...

تا بەمەسەلەی کەرکوک و بریاری 140 ئەگەرێتەوە، ئیشارەی بەوەدا کەمەسەلەیەکی گرنگ و حەساسەو بەستراوە بەچارەسەری کیشەی کوردستانەوە، وە تائەو کاتەی کەچارەنوسی کوردستان دیار نیە، دەبێت دەسەلاتداریتی کەرکوك بەدەست خەڵکی کەرکوکەوە بێت و کەرکوك ناسنامەیەکی ئینسانی دەبێ هەبێت، ئەگەرنا ئەوا چارەنوسی کەرکوك لەچارەنوسی ناوەراست و خواروو باشتر نابێت بۆ بەریخستنی شەرێکی قەومی و تایفی...

وەئیشارەی دا بەوە کەتەنیا دەستکەوتێك ئەحزابی ناسیونالیستی کوردی بەخەڵکی دەفرۆشن ئەو فدرالیزمە نیوەناچڵە بوو کەبەدوای راپۆرتی بیکەر هاملتۆن و ستراتیژی تازەی بۆش و نەخشەی ئەمنی حکومەتی مالکیدا هات، ئەویش چارەنوسی نادیار ماوەتەوەو خودی سەرانی ئەحزابی کوردایەتی بێئاسۆن لەبەرامبەریدا. فدرالیزم ریگاچارەو وەلامی خەڵکی کوردستان نیە،

هێشتنەوەی خەڵکی کوردستانە لەچوارچیوەی دەوەلەتیکی قەومی عەرەبیدا بەدەرەجەدوویی، وە چەواشەکاریەك کەهەیە ئەوەیە کەخەلکی کوردستان دەتوانن بریار لەسەر جیابونەوە بدەن، بەلام ناتوانن بریار لەسەر فدرالی بدەن، ئەوە لەبریاری خەلکی سەرتاسەری عیراقدایە...

وەپاشان نوری بەشیر، ئیشارەی بەوەدا کەئیمە ریگاچارەی جیابونەوەمان تەرح کردوە لەریفراندۆمێکدا کەخەڵکی کوردستان بریار لەسەر جیابونەوە و پێکهێنانی دەولەتی سەربەخۆ لەکوردستان دەدەن یان دەیانەوی لەچوارچیوەی عیراقدا دەمیننەوە ، کەئیمە پیمان وایە خەلك دەنگ بەجیابونەوە دەدەن، وە ئیمە تەبلیغاتی ئەوە دەکەین کەدەنگ بەجیابونەوە بدەن، هەروەها ووتی ئەوە ئیمە نین وەك حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق چارەنوسی خەلکی کوردستان دیاری دەکەین و جیادەبینەوە، هەروەك چۆن هیچ یەك یەکیتی و پارتیش کەئەمرۆ حاکمن لەکوردستان نین، وە ناتوانن چارەنوسی خەلك دیاری بکەن، ئەوە خەلکی کوردستانە خۆی چارەنوسی خۆی دیاری دەکات و دەتوانیت بریار بدات ...

بەدوای باسەکەی هاوری نوری بەشیردا، بەشداربوان دەخالەتیکی هەمەلایەنەیان کرد لەباسەکەدا، وە نیگەرانی و رەخنەیان لەحیزبی ئیمە هەبوو، وە پرسیاریکی زۆریان کرد، وە بەهەمان شیوە جیابونەوەی کوردستان و پێکهینانی دەولەتی سەربەخۆیان بەباش زانی، بەلام بەدیدێکی ترو هەندیکیان لەچوارچیوەی سیاسەتی ئەحزابی ناسیونالیستی کوردو فدرالیزمدا ئەوەیان دەبینیەوە، وە ئەو حیزبانەیان بەسەرچاوەی دەسەلات و ریگا چارە دەزانی، وە خەلکی کوردستانیان بەنەخویندەوارو نەتوانینی بریاردان دەزانی...

لەئاخردا نوری بەشیر، ئیشارەی بە 16 سالی حاکمیەتی ناسیونالیزمی کورد دا، وە وەزعی کوردستان لەبیئاو و کارەبا و سوتەمەنی و پەروەردەو فیرکردنی ناتەواو کوشتنی زیاتر لە 35 هەزار ژن و هەلکیشانی کریکاران لەخوین و تەقە لەخەلکی هەلەبجەو بونی گەندەلیەکی ئیداری زۆرو نارەزایەتیەکی سەرتاسەری لەکوردستان و ناوزەندکردنی خەلك بەخراپە کەنارەزایەتیان هەیەو خۆپیشاندان دەکەن، هەروەها بونی کەلینیکی گەورە لەنیوان خەلك و دەسەلاتدا، راستی ئەوە دەسەلمینی کە ئیتر خەلك چارەنوسیکی کە دەخوازن و بەرژەوەندیەکی تریان هەیە کەجیاوازە لەبەرژەوەندی ئەحزابی ناسیونالیستی کورد. وە کوردستان کۆمەلگایەکی مەدەنیەو خەلکی کوردستان ووشیارن، هاتنە مەیدانی خەلکی کوردستان بەدژی کاری تیروریستی ئیسلامیەکان لەئاوایی خێلی حەمە، هاتنە مەیدانی خەلکی کوردستان کاتیك جەلال تالەبانی نەخۆش دەکەویت، ئەوە بۆ جەلال تالەبانی نەبوە، بەلکو بەدژی ئیسلامیە رەنگاورەنگەکان و بەدژی کۆنەپەرستی و دەسەلاتی عەشاریە لەکوردستان....

پاشان نوری بەشیر ئیشارەی بەوەدا کەحیزبی ئیمە لەسەنگەری خەلکدایەو لەپیشەوەی خەباتی خەلکدایە بۆ خواستەکانیان، وە هەروەها کۆرەکە باس و جەدەلیکی زۆری دروستکرد، بەلام بەهۆی تەواو بونی کاتی شوینەکە کەتەواو بوو، کۆتایی بەکۆرەکە هێنرا.

**حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق**

**کۆمیتەی کەنەدا**

---

www.wpiraq.net

416 - 877 35 77 **عادل ئەحمەد**

adilahmed1@sympatico.ca